## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (١٦٠) لە ٢٠٢٢/٦/٢٢

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨٥) لە ٢٠٢٢/٦/٢٢، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. دووپاتکردنەوەی پابەندبوونی حکومەت بە جێبەجێکردنی یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٥ کردەوە و ڕاسپاردنی وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ بەردەوامبوون لەسەر جێبەجێکردنی.

٢. ڕاسپاردنی بەڕێز وەزیری داد و تەخویلکردنی بەڕێزیان بە دەسەڵاتی پێویست و بە هاوکاری و هەماهەنگیی لەگەڵ وەزارەتەکانی (ناوخۆ، ئەوقاف و کاروباری ئایینی، گواستنەوە و گەیاندن)، لەگەڵ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان و سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکانی ئەو ناوچانە کە پێکهاتەکانی تێدا نیشتەجێن) بۆ دەرکردنی ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی ماددەی (٣/ چوارەم و پێنجەم) لە یاسای ئاماژەپێدراو، لە پێناوی پاراستن و پارێزگاریکردنی ئەو ناوچانەی پێکهاتە جیاکانی هەرێمی کوردستان تێیدا جێگیربوون و ڕێگەگرتن لە هەر ڕەفتار و سیاسەتێکی نەرێنی کە ببێتە هۆی گۆڕینی بارودۆخی ڕەسەنی ئەو ناوچانە یان گۆڕینی دیمۆگرافییان و بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی پێکهاتەکان و لە چوارچێوەی یاسای ئاماژەپێدراودا.

٣. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**